
# ئەزموونی ئەمریکییەکان لە پێك هێنانی ویلایەتە یەکگرتوەکان

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئازادی سەید عەبدوللا

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هاوڵاتیبوون بەو مانایە دێت کە کەسەکە لەو وولاتە لەدایك بووبێ، یان بۆ ئەوەی کەببێت بەهاوڵاتی لە ولاتێکدا دەبێ سەر بە رەگەزێكو پێکهاتەیەکی تایبەت بێت، یان خاوەنی ئاینێکی تایبەت بەخۆی بێت. بەڵام لەهەندێ ولاتان، هاوڵاتی بوون مانای ئەوەیە کە لەولاتێك بژیت و باجی دەرامەت بدەیت، یەکێك لەو ولاتانەش ئەمریکایە. ویلایەتە یەکگرتووەکان ولاتێکی جیاوازە، خەڵکی سەر بەهەر رەگەزێك و پێکهاتەیەك و هەر هۆزێك بێت دەتوانن ببنە هاوڵاتی ئەمریکا. بەپێچەوانەی هەندێ لە ولاتان، کە بۆ هاوڵاتی بوون زەمینەی ئاینی و رەگەزی پێویستن، یان دەبێ لەگەڵ یەکێك لەهاوڵاتیە رەسەنەکان هاوسەرگیری ئەنجام بدرێ. گەر چی زۆربەی ئەمریکیەکان لە ئەمریکا لەدایك بوونە، بەڵام بوونی یاساکانی کۆچبەریو رێو شوێنی وەرگرتنی مافی هاوڵاتی بوون مانای رازیبون بەئەندێشە گەلێکی تایبەتو دیار کراوەکانی کە کەسێکی سەر بە ولا تێکی تر دەبێتە هاوڵاتیەکی ئەمریکی سوێند دەخوات کەوەفادار بێت بۆ ئەمریکاو ئەو ئەندێشە تایبەتیەی کە حکومەت نوێنەرایەتی دەکات، ئەندێشەکانی ئەمریکا پێك هاتوون لەوەی کە هەموو کەسێ لە هەمبەر یاسا دا هاوتایەو دەتوانێ لەژێرسایەی ئەو کۆمەڵە یاسایە مرۆڤایەتیانە خۆی بەرێوەببات، ئەو یاسایانەش لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژاردراوی خەڵك دادەنرێتو بەرێوە دەبرێن . وێرای ئەمەش ئەمریکی بوون مانای رازی بوونە بەوەی کەنەك تەنها خەڵك دەتوانن لەو مافانە سوودمەندبن، بەڵکو خەڵك خۆیان بەمافەکانی ئازادیو دادپەروەرییو سەربەخۆییو مافی چارەی خۆنوسینەوە لەدایك دەبن.

## ئەندێشەی شۆڕشگێری

دووسەد ساڵ بەر لەئێستا لەسەردەمی دروست بوونی ئەمریکا ئەو ئەندێشانە بۆ چوونی شۆڕشگێری بوون، (جۆرج واشنتۆن) یەکەمین سەرۆك کۆماری ئەمریکا. یەکەم کەس بوو کە باسی لەگەڵ و نیشتیمانی ئەمریکا وەك ئەزمونێكو تاقیکردنەوەیەك کردووە، ئەزمونێك کە لەناوڕۆکەکەی دەردەکەوێ کە ئایا خەڵك



جۆرج واشنتۆن یەکەم سەرۆکی ئەمریکا

دەتوانێت خۆیان بەرێوەبەرن یاخود نا؟ لەراستی دا یاساو ئەندێشە دیموکراتیەکانی ئەمریکا هێندە شۆڕشگێری بوون کەئەو گەلەیان تاکو چەندین دەیە لەگەڵ کێشەو ململانێ بەرەوروو کرد، تاکو سەرئەنجام تەواوی ئەو کەسانەی کە سوودیان لەئازادیو بەرهەمی ئازادی وەردەگرن، وەکو هاوڵاتی یەکسان هەژمار کران .

## ئەو کۆمەڵگا شۆڕشگێرە چۆن دامەزرا؟

لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی خەڵکانی جیاواز لەگەڵ ئەندێشەو بیرو بۆچوونی جۆراو جۆر، هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە دەستی هەبووە لە وێناکردنی کلتورو پێکهاتەی گەلانی ئەمریکا کە هەنگاوهەنگاو لە چوارچێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرجەستەبووە.

## دۆزینەوەی ئەمریکا

زۆربەی ئەوروپیەکان پێیان وابوو، کە زەریای ئەتڵەسی بەرەو کەنارەکانی هیندی دەکشێ، یان بە بۆچوونی زیاتر ئەو زەریایە هیچ کۆتاییەکی نییە، بەڵام ئەو بۆچونە هەڵەیە، لە (١٢ ئۆکتۆبەری ١٤٩٢) پوچەڵکرایەوە کاتێك کە کریستۆفەر کۆڵۆمبس کەشتیوانی ئیتاڵی بۆ یەکەمین جار لە دورگەکانی کە ئەمرۆ بە (باهاما) ناونراون لەنگەری گرت، کۆڵۆمبس کە بەهەڵەپێیوابوو گەیشتۆتە هیندستان، دانیشتوانی هۆزەکانی ئەو سەر زەمینەی ناونا (هیندی)، ئەو دۆزەرەوە دواتر تەواوی دورگەکانی دەریاچەی (کاریبی) گەڕاو دۆزەروەکانی دوای ئەویش لەلایەن پاشاو دەوڵەمەند، یان کەسایەتیە ئەوروپیەکان لە رووی داراییەوە پشتیوانی کران، تاکو کاروانی کۆڵۆمبس درێژە پێیدەن.

## کۆچنشینی لە جیهانێکی نوێدا

ئەوروپیەکان زوو درکیان بەوەکرد کە ئەو خاکەی کۆڵۆمبس پێی ناوەتە سەر هیندستان نەبووە، بەڵکو کیشوەرێکی نوێیە، زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپایی ئەو دەمەو دەوڵەمەندو ئەوکۆمپانیا بازرگانییە نوێیانەی کە تازە دروست ببوون، دۆزەرەوەو



بازرگـانو سـەربازیان بـۆ دۆزینەوەوشـارازابوون نـاردە ئـەو هەرێمانـەی کـە ئـەمڕۆ بـە ئـەمریکای بـاکوور ناوەنـدو باشـوور نـاونراون، ئیـدی ئەوروپایـەکان بـەرە بـەرە بانگەشـەی خاوەنداریـەتی ئـەمریکایان دەسـتپێکردە، لەسـەرتایی سـەدەی حەڤدەی زاینی بۆچوونی زۆربەی ئەوروپییەکان ئـەوەبوو کە ئـەو وڵاتە شـوێنێکی لـەبارە بـۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە مەزهـەبیو بـوارە ئابووریـەکان، نێوانی ئـەمریکاو ئـەوروپا هێنـدە دوور بـوو کەپاشـاو پاپاکـانو تـەواوی فـەرمانڕەوایان نەیاندەتوانی جـۆری ژیـانو ئـاینی کۆچـبەرەکان بخەنـە ژێـر چـاودێری خۆیـان، ئەوروپییەکان لە سەرتادا وای بـۆ دەچـوون کـە ئـەمریکا وڵاتێکی گەورەیەو بەشی هەمووان دەکا، هەروەها خاکێك بـوو کـە پێشتر هیچ کەسێ داوای خاوەنداریـەتی نـەدەکرد، پێشبینی دەکرا کـە هـــەژارترین کۆچـــبەر بتـــوانێ لەئـــەمریکا پارچـــەیەك زەوی بەدەسـتبێنێ ئـیتر خـەیاڵی کۆچـکردن کـاتێ هاتـە ئـارا، کـە ئەورووپییەکان زانیان ئەمریکا پێگەو شوێنکی لەبارە بـۆ وەدەست هێنـانی ئازادییـە مەزهەبیـەکانو پێشکەوتنو بـوارە ئابوریـەکان، ململانێـی نێـوان ئەمریکیـە ڕەسـەنەکانو کوچـبەران هەنـدێك لەکۆچـــبەرەکانی وەکـــو (برۆچـــێر ویلیـــافی) دامەزرێنـــەری کۆچنـشینی بـرۆد ئایلەنـدن، پێـشنیازی دۆسـتایەتیان لەگـەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ئـەمریکیا خستەڕوو، هـەروەها بەرگریشیان لەمافەکانی ئـەوان کـرد، بـەڵام زۆربـەی کۆچبەرەکان زەویـەکانی ئەمریکیەڕەسەنەکانیان داگیردەکردو شـەڕی ئەوانەشیان دەکـرد، کەپێـشیان پێـدەگرتن، تێکهەڵـچونەکانی نێـوان ئەمریکیـــە ڕەسـەنەکان و ئەوروپییـەکان هـەم بـەهۆی لەیـەك نەگەیـشتنی دولایەنـەو هـەم بـەهۆی کێبڕکـێ لەسـەر سەرچـاوە سروشـتیەکان دەسـتپێکرد، ئەمریکیـە ڕەسـەنەکان لەسـەرەتادا نەیانـدەزانی کەملیۆنـەها ئـەوروپی لـەو بـەری زەریـا دەژیـن، نەشـیان دەزانـی کەئەو میوانـە تازانـە بەمەبەستی مانـەوە هاتووەنەتـە ئـەم وڵاتـەو زۆر خەڵکی تریش بـەڕێگاوەن، کۆچبەرە ئەوروپییـەکان، بـەردەوام بانگەشـەی لوژیکیانـەی ئەمریکیـە ڕەسـەنەکانیان سـەبارەت بەخاوەندارێتی ئـەو زەویانـەی لەسـەری دەژیان نادیدە دەگـرت، هۆزە ڕەسـەنەکانیش توانـای شـەری درێـژ خایەنانـەی ئەورپییـەکان نەبون، چونکە ئەوان خاوەنی باشترین چەك بوون.

## سـێزدە کۆچنـــشینی بـــەریتانی بناغـــەی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانیان دارشت

تاکو ساڵەکانی دەیەی (١٧٧٠) بەریتانیا سێزدە کۆجنـشینی جیـا جیـاو گـەورەو خـاوەن حـوکمی زاتیـان لـەباکووری ئـەمریکا پێکهێنابوو، کـە هـەر یـەکێك لـەوان خـاوەنی حکومـەتو دەسـتەی یاسـادانانی تایبـەت بـەخۆیان بـوون، ئەگەرچـی ئـەو سـێزدە کۆچنشینە بە فەرمی بەریتانی بوون، بەڵام نزیکەی دووسەد سـاڵ بوو دوور بوون لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی پاشای بـەریتانی هـەر ئەم دووریەش هەستی سەربەخۆیی لا دروست کردن.

## ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

لەسـاڵی (١٧٧٥) شـەڕ لـەنێوان کۆچنـشینەکانو سـەبازە بەریتانیـەکان دەسـتپێکرد، (جـۆرج واشـنتۆن ) کـە ئـەو کاتـە سـەربازێکی ئـەمریکیو خـاوەن زەوی بـوو، کرایـە ژەنـەراڵی هێـزە ئازادیخوازەکـان، لەسـەرەتادا ئەوشـەڕە تـەنها بـۆ ملکـەچ کردنـی بـەریتانیا بـوو بـۆ ئـەوەی کـەحوکمی زاتـی فـراوانتر بداتـە کۆچنشینەکان، بەڵام بەخۆشبونی ئاگری شـەڕ ئەمریکیـەکان لـەوە هوشـیار بوونـەوە کـە دەبـێ ئـەمریکا لـە بـەریتانیا جیاببێتـەوەو وڵاتێکـی سـەربەخۆ بـۆ خـۆی پێك بهێنـێ، ئـەوە بـوو لـە چـواری تـەمموزی (١٧٧٦) بەیاننامـەی سـەربەخۆیی ئـەمریکا ڕاگەیـەنرا ڕێبەرانی ئـەوروپی پێـان وابـوو کەڕەنگـە ڕاگەیاندنی سـەربەخۆیی کاریگـەری ڕاستـەوخۆی بـۆ سـەر تـەواوی جیهـان هـەبێ، ئـەو دەم لۆردنۆرك سەرۆك وەزیرانی بـەریتانیا گـوتی: گـەر ئـەمریکا بـەرەو ئیمپراتۆریـەتێکی سـەربەخۆ هـەنگاو بهـاوێ، لـە نێـو سیـستەمی سیاسی جیهان شۆرشێك بەرپا دەکات، ئەگەر بێتو ئەمڕۆ ئـەوروپا پشتی بەریتانیا نەگرێ ڕۆژێك دێ خۆی لـەژێر دەستـەڵاتی ئـەمریکا دەبینێتەوە .

سەرچاوە: آیالت متحده آمریکا
نوشته ویب
ترجمه فارسی : فاطمه شادابی